کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-9-2007 22:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڵپەڕکێ و خۆپیشاندان ... کاوە ئەمین**



نووسەر کاک هاوڕێ باخەوان، لە وتارێکدا کە پێم وابێت لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی میدیادا بڵاویکردەوە "باسی شایلۆغانی کوردی کردبوو کە بە مناسەبە و بێمناسەبە سەرچۆپی دەگرن، لە کاتی دادگایی کردنی تاونباراندا، لەکاتی هێرشەکانی داگیرکەراندا، لە گیرانی ئۆجەلان و یادی ئەنفال و هەڵبجە و هەموو خۆشی و ناخۆشیەکدا هەڵدەپەڕن". ئەمە جگە لەوەی کاتێک لە شاشەی تەلفیزیۆنەکاندا دەبین و خەڵک بۆ هەر ڕووداوێک بە خۆشترین ڕۆژی ژیانی خۆی لەقەڵەم دەدات جا بوونە سەرۆک کۆماری مام جەلال بێت، هەڵبژاردنی پەرلەمان بێت، بردنەوەی تیمی فوتباڵی عێراق بێت فەرق ناکات هەر خۆشترین ڕۆژی ژیانیانە، نەتەوەیەک کە هەموو ڕۆژەکانی ژیانی هەر خۆشییە.

ڕۆژی ٨ ئەم مانگە ناوەندی (چاک) خوا چاکیان بۆ بکات کە بوونەتە مامە خەمە و هەر ڕۆژەی لە وڵاتیک نارەزایی بەرانبەر داگیرکەران و ئەو ناهەقیانەی کە لە کوردستان دەکرێت، دەکەن، لە وڵاتی سوێدیش هەستان بە خۆپیشاندانێک لە بەردەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام کاتێک چووینە بەردەم سەفارەتی ئێران کە باران بەخوڕ دەباری، لە هەشتا هەزار کوردی دانیشتووی سوێد تەنها سی چل کەسێک ئامادە بوون، ئەوانەش هەر ئەو دەموچاونە بوون کە وەک هەمیشە بەشداری دەکەن و بەقەولی برادەرێک دەیگوت وامان لێهاتووە ئاوا بڕوات سەفیرەکان یەک بەیەک دەموچاومان دەناسنەوە و ڕەنگە وابزانن ئێمە دەوری "هێزی لێدەر" دەبینن، وەک هەموو جارێک لایەنگرانی پارتە کوردییەکان بەبێ هەڵاوردن و ئەو هەموو دەستگا کوردیانەی کە مشەخۆرانە بەناوی کوردەوە ساڵانە دەیان هەزار دۆلار لە وڵاتی سوێد وەردەگرن، مێش میوانیان نییە، بەڵام کاتێک ئاهەنگێک دەگێردرێت بۆ هەڵپەڕکێ و سەرچۆپی وەکو مێش هەنگ لە هەموو شارەکانەوە دەڕژێنە ئەو ساڵۆنەی کە ئاهەنگەکەی لێ دەگێردرێت. زۆرن ئەوانەی کە ڕۆژانە دەیان وتار و جنێو لەسەر پارتی و یەکێتی دادەبەزێنن و باسی گەندەڵی و ڕوخان و دادگایی کردنییان دەکەن، بەڵام تا ئێستا نەبینیووە یەکێکیان لە خۆپیشاندانێک دژی داگیرەکەران بەشدارای بکەن!

دیارە مەبەست ئەوە نییە کە ئێمەش ئاهەنگ نەگێڕین و دڵمان خۆش نەبێت، بەڵام کاتێک بە دەیان خێزانی کورد بەهۆی تۆپبارانی ئێران و تورکیاوە ئاوارە دەبن و نایلۆنێکیان دەستناکەوێت بچنە ژێری و منداڵەکانیان لە سەرما و گەرما پێ بپارێزن، شەرمە لە هەشتا هەزار کورد، سەد کەس ئامادەی خۆپیشاندانێک نەبێت.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە خۆپیشاندانەکەی ستۆکهۆڵمی لێکرا، لەم شارەی کە منی لێدەژیم ئۆپسالا، شەوێکی کولتووری هەبوو کە کوردیش بەشداریان تێدا کردبوو، ئەگەر بڵێم ژمارەی هەڵپەرکێکەران لە ژمارەی تەماشاکەران زیاتر بوو درۆم نەکردووە، زیاتر لە دوو سەد سێ سەد کەس دەستیان گرتبوو و هەر تاو ناتاوێکیش تلیلیەکی عەرەبیش لە بڵندگۆکەوە بەرزدەبووەوە، لەم شارەدا وەک دەڵێن زیاتر لە پێنج هەزار کوردی لێ دەژی بەڵام تەنها دوو کەس بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردبوو. جگە لەوەی کە کۆمەڵەیەکی کوردی بەڵێنی دابوو کە پاسێک بگرن و خەڵک بەرن بۆ خۆپیشاندانەکە بەڵام بە خشکەیی خۆیان لێ دزیەوە، کەچی هەر هەمان کۆمەڵەی کوردی ئەو هەڵپەرکییەیان ڕیکخستبوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو بەم کارەی کورد دەڵێت "قونبادان"، ڕاستەیەکەی ئێستا هەلهەلەیشی لەگەڵ دایە. لەهەمووی سەیر تر ئەوە بوو کە چەند گەنجێکی کورد دەماری کوردایەتیان هەستابوو کاتێک خێمەی فەلسینییەکانیش لەتەنیشت هەڵپەڕکێی کوردەکانەوە بوو دەیانووت چۆن دەبێت عەرەب لەپەنای ئێمەوە بێت وەکو ئەوەی کوردستانیان ئازاد کردبێت و ئێستا دەیانەوێت سوێدیش ئازاد بکەن لەگەڵ ئەوەی کە لە یاسای سوێددا هەموو دانیشتوونی ئەم وڵاتە هەموو مافێکیان هەیە وەک یەک یەکسانن، بەڵام کاتێک فەلەستینییەکان خۆپیشاندان دەکەن هەمیشە بەلایەنی کەمەوە هەزار کەس بەشداری دەکات.
دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەم قسانە دەکەم نە پێناسی کوردایەتی دابەشدەکەین و نە منەتیش بەسەر کەسەدا دەکەین، بەڵکو وەکو مرۆڤێک و کوردێک بەشدارای خۆشی و ناخۆشییەکانی نەتەوەکەمان دەکەین و لە داهاتوویشدا بەردەوام دەبین، چش با هەر ئەو بیست کەسە بین، گرنگ نوزەیەکین و دەبینە ئاوازێکی ناخۆش و دەچین بە گوێی کارمەندان و سەفیر و داودەستگاکانی ئەو وڵاتانەی کە نەتەوەکەمان تۆپباران دەکەن، با ڕەشبەڵەک و دەنگی دەهۆڵ زوڕنای هەڵپەڕکێکەرانیش گڤەی بێت.
تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی (میدیا) ی ڕۆژی ٩/١١ دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.